کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 0:21 15-4-2007

## گەرمیان... دیسانەوە ئەنفال!! ... چیا گەرمیانی

ڕژێمی بەعسی عەفلەقی دوور لە دین و دژ بە ئاینی ئیسلام و کورد هەستا بە ئەنفال کردنی 182 مرۆڤی بێتاوانی خەڵکی کوردستان، ، بەبێ ئەوەی خۆیشیان بزانن بۆچی ئەنفالکراون و وە بۆچی ئەنفال دەکرێن وە تاحەدێکی سنوردارو بگرە زۆریش توانی لەو کارەیدا زۆرێك لە وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ خۆیدا بشدار بکات لەو کارە نارەواییەی کەوا بەرانبەر کورد کردی ئەمەش تا بە ڕاستەوخۆ بێتا یان نا ڕاستەوخۆیش نەك هەر وڵاتانی عەرەبی بەڵکو جاشەکانی خۆشمان بەشدارین لەو کارە نارەواییەی ئەنفال کرد ئەگەر بە زۆریش کوردەکان نەبویان ئەوا نەیان دەزانی کامە دێی کوردە و خەڵکی کوردی تێدایە ئەمە قسەیەکی ترە.. ئەو کوردانش تەنها لەبەر ئەوەی زیندەچاڵ کران تەنها کورد بوون و هیچی تر!!

ئەوانەی لەسەرەوە ئامازەم پێکرد تەنها باسی ئەنفال و پێناسەیك بۆ نەوەی نوێ کەوا زۆرێك لە نەوەکانمان نازانن ئەنفال چیەو بۆ چی پێی ئەڵێن ئەنفال. ئەوەیش تاوانی نەوەکان نیە تاوانی پرۆگرامی خوێندنە کەوا ناتوانێت وەکو وانەیەکی ئاسای دابنرێت بۆ ئەوەی ئێمەش مێژووی خۆمان لەبیر نەچێ.

گەرمیان بە ئەمساڵەوە 19 ساڵە ئەنفال دەکرێت!! بەناوی ئەنفال لەوە ئەو پارانەی بۆ ئەو ڕۆژە دێت هەر ئەنفال دەکرێت ئەو پرۆژانە کەوا بۆ دێیەکان دا ئەنرێت دیسانەوە ئەنفال دەکرێت. بۆ 14 /4 هەم زامی ئەو خەڵکە ئەکولێننەنەوە بۆچی؟ بۆچی؟ هەموو مان باش ئەزانین هەر ئەو ڕۆژە یادی ئەنفال دەکرێت هەر ئەو ڕۆژە لافیتە ئەرشیفەکانتان کەوا هەڵتان گرتووە بەدیوارەکانتاندا هەڵئەواسنەوە هەر ئەو ڕۆژەیە دەست بەسەر منالی ئەنفالکراوەن ئەهێنن، ، هەر لەو ڕۆژەدا سێ چوار دروشمی سەقت ئەڵێن بۆ ئەوەی خەڵکی پێ بخەلافێنن. لە چواردەی چوارەوە ئێوە جەرگی ئەو دایکانە ئەسوتێنن کەوا ئەنفالیان هەیە دڵی ئەو باوکانە ئەسوتێنن کەوا لە چاوەڕوانیدا و چاوەڕوانی نەوەکانی خۆیەتی بگرێتەوە بۆ لای، بە دوو حیزبی گەورەوە هەتا ئێستاش ناتوانن دڵی ئەنفالکراوە گەرمیانیەکان ڕازی بکەن، ، لە هەرە زۆری ناوچەکانی کوردستان تەرمی ئەو ئەنفالکراوانە هاتەوە. تەنها لە گەرمیان نەبێت هیچ تەرمێکی زیندە بەچاڵەکان نەبوو. نەبونی ئەو تەرمە بۆ لای خاوەنەکانیان نیگەران کرد تەنها و تەنها یەك ئێسك و پروسکی ئەنفالکراوێکی گەرمیان نەبوو هۆی نەبونیشی ئەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی ئەو وەزیرو لێپرساوانەی کەوا خۆیان و مناڵەکانیان بە خاوەنی ئەم میللەت ئەزانن، کوردستان و گەرمیان بەتایبەتی ئەبێت ساڵانە لە 14/ 4 دڵیان ئەنفال بکەنەوە بێ شك هەمومان ئەزانین هیچ پرۆژەیەکی باش نیە بۆ گەرمیان ئەگەر پرۆژەکانیش نیە تۆزی خزمەتی ئەو پاشماوە بکەن کەوا لە ئەنفال گەڕاوەتەوە هەزارەها گەرمیانی هەیە لەپاشماوەی ئەنفال ئێستاش لە خانوی قوڕەو بەزەکات و پارەی خەڵك ئەژێ کەچی مەسئولەکانیش بە پاترۆڵ و مۆنیکاوە لەتەنیتیانەوە ڕەت ئەبن. بێژم چی لەگەڵ ئەم حکومەتە کێ کردی و کێ خواری هەزارا ئەسف بۆ ئەو 182 هەزارا مرۆڤ کەوا بەبێ هیچ لەناو چون بەدەستی بەعسەوە ئێستاش پێتان ئەڵێم ئەنفالکراوەکان ئەوانەی ئێوەیان ئەنفال کرد هەر ئەوانیش ئێستا حوکمی ئێمە ئەکەن، بێگومان ئەزانیین بەلاّم چی بڵێن حکومەت ئەوە غیرەتێتیت کەوا قیولّی ئەکات. وا بڕوات نەکورد ئەبێت بە حکومەت و نە ئەنفالکراوەکانی گەرمیانیش قەرەبوی ئەو زیانە گیانی و مادیەنە بۆ تەرخان ئەکرێت ئەبێ چۆن حکومەت قەرەبوی بکات؟ لەدەمی زۆرێك لە خەڵکی پاشماوەی ئەنفال بیستومە وتویەتی خۆزگە منیش ئەنفال بومایە بەس نەبوو منیش وەکو ئەوان بێ سەرو شوێن ئەبوم!! بۆ پاشماوەی ئەنفال وا بڵێت ئەگەر حکومەت بەدڵیان بکات گەرمیان زۆر دورخراوەتەوە لە پرۆژەو خزمەتگوزاری تەنها لە ناحیەی ڕزگاری زۆرترین کەس

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 15-4-2007 0:21

ئەنفالکراوە ئێستاش وا خزمان و کەسوکاری هەر بەتەمان بێنەوە بۆ لایان ئەو کەسانەی ئەنفالکراون، لەکۆتاییدا ئەمەویت ئەوە بڵێم ئەمساڵیش گەرمیان ئەنفال مەکەن بەشانۆگەری و پانۆرامای تراژیدی لە شێوەی پارە خواردن... ئەو پارانە کەوا بۆ ئەو هەموو پرۆژەیە سەرفی ئەکەن بۆ گەرمیان بیدەن بەدەستی باوك و دایك و ژن و پیرەمێرد ومناڵانی پاشماوەی ئەنفال لەگەرمیان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.